# بەداخستنی سنورەکانی بەڕوی هەرێمی کوردستاندا
# بازاڕەکانی کوردستان گرانی بەخۆوە دەبینن

**ئا : ئاسۆ**



هەرێمی کوردستان بەدرێژای شانزەساڵە لەقیران و کێشەی گەورەدایە ، کوردستان هەرساڵەو ڕو بەڕوی قەیران و کێشەی نوێدەبێتەوە ،کێشەی پەکەکە و پژاك و کێشەیکەرکوك، بونەتە خاڵی ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێم لە لایەك و حکومەتەکانی عێراق و ئێران و تورکیا لە لایەکی ترەوە . ئەم کیشانە تائێستا چارەسەری گونجاویان نیەو هەریەك لەم کێشانە پێدەچێت جەنگێکی قورسی لێبکەو ێتەوە کە زەرەرمەندی یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستانە . پەرسەندنی کێشەکانی نێوان ئەمریکاو ئیران و دەستگیر کردنی ئاخای فەر هادیی ئەندامی وەفدی بازرگانی حکومەتی ئیران لە شاری سلێمانی ، لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە جارێکی تر حکومەتی هەرێمی کوردستانی توشی قەیرانێکی تر کردەوە . لەدەرەنجامی گرتنی ئاخای فەرهادی حکومەتی ئێران سنورەکانی خۆی بەسەر هەرێمی کوردستاندا داخست و هەموو جۆرە جموو جوڵێکی بازرگانیش لەسنورەکانەوە ڕاگرت . ئەم هەنگاوەی ئێران یش بۆتەمایەی زیان گەیاندنێکی گەورە بە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان کەئێستا بەشی هەرەزۆری پێویستیە کانی خەڵکی کوردستان لەئیرانەوە هاوردەدەکرێن . خەڵکی کوردستان یش ترسی ئەوە یان هەیە کە دەوڵەتی تورکیاش هەنگاوێکی لەم شێوەیە بنێت و کوردستان ڕوو بەڕوی گرانیو ژیانێکی سەخت بکاتەوە . ئێران بەداخستنی سنوەرەکانی بەڕوی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ،بازاڕەکانی هەرێمی توشی قەیران کردوە .هەرچی بازرگانەکان و دوکاندارو کاسپکارانی شاری سلێمانیە نرخی زیاتریان خستۆتە سەر کالآکانیان ، هاتنی مانگی ڕەمەزانو کردنەوەی دەرگای خوێندنگاکان پێویستی خەڵکی زیاد کردوەو ،بازرگانەکانیش بەهۆی داخستنی سنورەوە نرخیان لەسەر کالآکانیان زیاد کردوە هەرچەندە دەسەلآت دارانی سلێمانی هەڕەشەی ئەوە دەکەن کەهەر بازرگانێك یان دووکاندارێك نرخ لەسەر کالآو بەر هەمەکانیان زیاد بکەن توشی سزادەبن ، بەلآم تەڵەبی زۆروو کەمی بەرهەموو کالآ نرخیان زیاد کردوەو بەم شێوەیەش خەڵکیکوردستان بەگشتیو شاری سلێمانی بەتایبەتی زەرەرمە ند بوون .مام سابیر :

هاولآتیەکی دانیشتوی سلێمانیەو بۆکڕینی پێداویستیەکانی ڕوی لەبازاڕکردوە ولە بەرگرانی نرخی شتومەك توشی بیزاری و خەمی گەورەهاتوەو وەك خۆی دەڵێت حکومەتی هەرێم ئەگەر خەڵکی بێگانەی بۆناپارێزرێت بۆچی بانگ

هێشتیان دەکات مام سابیر گومانی هەیە لەدەستگیر کردنی ئاخای فەرهادی ووتی من داوا لە حکومەت ئەکەم ئەگەر ئەم کێشەیە چارە سەر بوو با لەمەو دوا وەفدەکانی ئێمە بچن بۆ ئێران نەك ئەوان بێن بۆکوردستان ئەمە تاکەڕیگای زەمانە بۆهەردوو لا. ناسك خان: فەرمانبەری حکومەتەو ئەویش نیگەرەنا لەدەست گیرکردنی ئەندامی ئەم وەفدە ئیرانیەو بەپیشێل کردنی سەروەری کوردستانی زانی ووتی دەبێت حکومەتی هەرێم بەتوندی ئیدانەی ئەمریکا بکات . لەبەرئەوەی ئەوانە میوانی حکومەت بون و دەستگیر کردنی ئەوانیش ئیهانەیە بەحکومەتی هەرێم ،ئەم خانمە داوای ئازاد کردنی گیراوەکە دەکات و داواش لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات تا کێشەکە چارەسەر دەکرێت چاودێری توندی بازاڕو بازرگانەکان بکات . کاك ئاودێر: خوێند کاری زانکۆی سلێمانیەو ئەویش نیگەرانی خۆی لەم هەنگاوەی ئەمریکا نیشانداو داواش لەحکومەتی هەرێم دەکات کە ڕێگری لەو بکات ئەمریکا خاکی کوردستان بکاتە ساحەی شەڕی خۆی لەگەڵ ئیراندا و داواش لەبازرگانەکانی شار دەکات تاوەکو ئەم کێشەیە چارەسەر دەبێت هەڵوێستی نیشتیمانی بنوێنن ، ڕێگربن لە بەرز بوونەوەی نرخیبازاڕ ، هەروەك حکومەتیش ئەرکێتی بەوردی چاودێری بازاڕبکات .سازان جەمال : خویندکاری پەیمانگای تەکنیکیە ئەویش ڕای وابوو کە پیش هەموشتێك پێویستە حکومەت بەدەنگ چارەسەری ئەکێشەیەوە بچێت سازان پێی وابوو کە ئیران دراوسێمانەو دوای ڕۆشتنی ئەمریکاش هەردراوسێمان دەبێت و بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم ئەم کێشەیە چارەسەر بکات وەداواشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە لەم باروودۆخەدا بەتوندی چاودێری بازاڕبکات ،تاخەڵکانی هەلپەرست بەئارەزووی خۆیان یاری بەنرخی بازاڕنەکەن .کاروان عومەر :کاسپکارێکی نێو بازاڕەو پێی وایە ئەم کێشە یە زوو چارە سەر دەبێت ،کاروان گەشبینە بە ئایندەو پێی وایە ئەم کێشانە هەر ڕوو ئەدات و چارەسەریش دەبن ،کاروان پێیوابوو کوردستان تازە ناگەڕێتەوە ئەو دۆخەی سەردەمی ڕژێم ،ئەگەر ئێران وتورکیاش سنورەکانیان دابخەن بۆکوردستان کێشەی واپێك نایەت لەبەر ئەوەی سنوری وەك سوریاو ولآتە عەربە ییە کان بەڕوی کوردستاندا ئاوەلآیەو ئەمریکاش پشتیوای لە کوردستان دەکات .وەکاروان یش وەك هەموو بەژدار بوەکانی ئەم ڕاپۆرتە پێیوابوو حکومەت دەبێت سنور بۆگرانی بازاڕدابنێت چاودێری وردی بازاڕو بازرگانە

کان بکات . چاودێر بازاڕو ئازاد کردنی ئاخای فەرهادی لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاتیش زۆربەی خەڵکی کوردستان پێیان وایە گرتنی ئاخای فەرهادی لەلایەن ئەمریکیەکانەوە پیشێل کردنی سەروەری هەرێمی کوردستانەو دەبێت حکومەت بێدەنگ نەبێت لەئاست ئەم پێشێلکاریانەی ئەمریکا .